**نیشتیمانسازی لەڕێگەی هونەر و مۆسیقاوە**

پەیرەو ئەنوەر

نیشتیمانسازی (nation-building) یەکێکە لەو کردە و پرۆژە و دەستپێشخەرییە ئاڵۆز و فرەڕەهەندەی کە لە مێژووی نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا گفتوگۆ و قسەوباسی زۆری لەبارەوە کراوە. بەشێوەیەکی گشتی، لەدوای لەدایکبوونی دەوڵەت-نەتەوە و سیستمی وێستفاڵی و ڕێنەیسانس لە ئەوروپا و لەدوای شۆڕشی پیشەسازی و دیاردەی بەشاربوون، هەستی نەتەوەییش دێتەکایەوە و گەشەدەکات. لێرەوە نەتەوە وەک یەکە و بابەتێکی (سوبجێکتێکی) سەربەخۆ بەشێوە و کەناڵ و ڕێگەی جیاواز دەیەوێت ئەندامانی بەهۆی چەندین بەستەری وەک خەیاڵ و هەست و ڕەگەز و یادەوەری هاوبەش (collective memory) ـەوە بەیەکتر ببەستێتەوە و ڕایەڵە و ناسنامەی هاوبەشیان بۆ بنیاتبنێت و مانای دروستکراو و بەرهەمهاتوویان پێ ببەخشێت. پرۆژەی نیشتیمانسازی دینامیکیی و جوڵاو و بزۆکە و هەڵگری ڕێوشوێنی تایبەت بەخۆیەتی؛ لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت و کەرەستە و ئامرازە بەکارهێنراوەکانیشی گۆڕانیان بەسەردادێت. وەک ئێرنیست ڕێنان دەڵێت: نەتەوە (nation) "ڕاپرسییەکی ڕۆژانەیە". بەگوێرەی ڕێنان نیشتیمانسازی لەڕێگەی خەم و شادی و چیرۆک و ئامرازی جیاوازەوە بنیاتدەنرێت و پایەکانی بۆ دادەڕێژرێت و دەخرێتە چوارچێوەیەکی کۆنکرێتییەوە، بەڵام ئەم بنیاتنان و چێکردنە نەمر و هەتاهەتایی نییە و بەپێی دۆخ و کەرەستەکان لە گۆڕاندایە. هونەر، لەناویشیدا ژانرە جیاوازەکانی، بەدیاریکراویش میوزیک و گۆرانی، دەکرێت توخمێکی سەرەکی و کاریگەر بێت لە پرۆسەی نیشتیمانسازیدا.

**نیشتیمانسازی**

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی نیشتیمانسازی، دەگەڕێینەوە بۆ پێناسەکانی ئەم چەمکە و بەتایبەت بیرمەندێکی گەورەی بواری زانستە سیاسییەکان "فرانسیس فۆکۆیاما"، کە بەکورتی پێی وایە نیشتیمانسازی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکە کە تاکەکانی بە ڕۆشنبیری و مێژوویەکی هاوبەش دەبەستێتەوە. لەلایەکی ترەوە، پرۆسەی نیشتیمانسازی بەو کردە سیاسی و کۆمەڵایەتییە وێنادەکرێت کە یەکە بچووکە کلاسیکە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێڵ و هۆز بەهۆی چەندین پەیوەندی و کۆدەزگا و کارلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هونەرییەوە و بەتێپەڕینی کات دەگۆڕێت و گەشەدەکات بۆ یەکە و

چوارچێوەیەکی فراوانتری وەک ئیتنیک (ethnic) و دواتریش بۆ نەتەوە (nation) و یەکێتی نەتەوەیی. هاوکات دەبێت چەمکی نیشتیمانسازی (nation-building) و دەوڵەتسازی (state-building) لە یەک جیابکەینەوە و تێکەڵ بەیەکتریان نەکەین. دەوڵەتسازی خۆی لە دروستکردن و بەهێزبوونی دامەزراوەکاندا دەبینێتەوە کەچی لە پەیوەند بە دامەزراوەکانەوە، نیشتیمانسازی کاتێک دەستپێدەکات ئەگەر دامەزراوەکان نوێنەرایەتی نەتەوە بکەن (پەرلەمان بە نموونە)؛ پارێزگاریی لە خەڵک بکەن (سوپا بە نموونە) سەروەر و بێلایەن بن (دادگا بە نموونە). نیشتیمانسازی لەسەر چەمکی هاوڵاتیبوون دادەمەزرێت کەچی دەوڵەتسازی دەکرێت وا بێت و دەشکرێت بەرگری لە دکتاتۆرێک بکات و مافەکانی هاووڵاتی ژێر پێ بخات. مەرج نییە لەدوای دەوڵەتسازی ڕاستەوخۆ بگەیت بە نیشتیمانسازیش. دەکرێت بەبێ دەوڵەت بچێتە نێو قۆناغی نیشتیمانسازی؛ بەپێچەوانەوەش، لەدوای دەوڵەتیش دەکرێت هێشتا قۆناغی نیشتیمانسازیت تێنەپەڕاندبێت چونکە پرۆسەکە هەڵگری سیمایەکی جوڵاو و دینامیکییە. پانتایی کارکردنی ئێمە لەم بابەتەدا، ڕووناکی خستنەسەر نیشتیمانسازییە لەڕێگەی هونەر وەک ژانرێکی زیندوو و نموونەی کارە هونەرییەکانی هەریەک لە "حەسەن زیرەک" وەک کاراکتەرێکی هونەری سەردەمی بەر لە ڕاپەڕین و "زەکەریا عەبدوڵلا" وەک ئایکۆنێکی دوای ڕاپەڕین کە هەردووکیان لەڕێگەی گۆرانی و بەسوود وەرگرتن لە هۆنراوەی هۆزانڤانە کوردییەکانی وەک "پیرەمێرد" و "ئەدیب چەلکی" گوزارشتیان لە پرۆژەی نیشتیمانسازیدا کردووە.

**کورد و نیشتیمانسازی**

ناسیۆنالیزمی کوردی وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و جڤاتی و ئایدۆلۆجیا دیاردەیەکی نوێیە. سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە. بزووتنەوەکەی سەید عوبەیدوڵلای نەهری (١٨٣٠-١٨٨٣) لە ١٨٨٠ دژ بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەئاماژە و سەرەتای پرسەکە دادەنرێت. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٦) و حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٧٩) و چەند شاعیر و هۆزانڤانێکی تر لەشیعرەکانیاندا بە زمان و هەستێکی نەتەوەیی گوزارشتیان لە پرۆژەی ناسیۆنالیزم و نیشتیمانسازیدا کردووە. سەرەڕای ئەمانە، لەدوای دابەشکردنی کوردستان بۆ چوار پارچە و لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان و دروستبوونی بزووتنەوەی سیاسی جیاواز لە کوردستان، جارێکی تر ئەدەب و هونەر و لەناویشیدا میوزیک و گۆرانی بوو بە دەروازە و کەناڵێکی کاریگەری دەربڕینی خەم و خواست و کۆژانە نەتەوەییەکان. بەشێک لە کارەکانی هونەرمەندی گەورەی نەتەوەیی کورد حەسەن زیرەک نوێنەرایەتی ئەم پرۆژەیە

دەکەن و لەدوای ڕاپەڕین و نیمچە-سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان و لەسەرەتای ساڵانی دوو هەزارەکانیشدا، کارەکانی هونەرمەندی گەورەی کورد زەکەریا عەبدوڵڵا بەو زمان و گوتارە نەتەوەییە خۆی نمایش دەکات.

**ژێرخان و سەرخانی نیشتیمانسازی**

وەک پێشتر ڕووناکیمان خستەسەر، نەتەوە بەزۆر مۆدێل و ئامراز و هەلومەرج سازدەکرێت. لەسەرەتای ڕێنەیسانسدا شۆڕشی پیشەسازی، سەرهەڵدانی چاپەمەنی و بەشاربوون و دواتریش گرێدان و بەستانەوەی خەڵک و شارەکان لەڕێگەی ئامرازەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە و شەمەندەفەر و پرد و ڕێگەوە نەتەوەی دروستکرد. لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە، ئەوەی نەتەوەی یابانی و چینی بنیاتنایەوە، ڕێگەوبان و ژێرخانی گواستنەوە بوو. ئێستا لەسایەی پێشکەوتنی سیستەمی هاتووچۆوە دەتوانیت جرتوفرت بەناوخۆی وڵاتێکی پانوپۆڕی وەک چین بکەیت بەبێ کێشە و گرفت. لێرەوە یەکێتی نەتەوەیی و نەتەوەبوون دێتەکایەوە و دەمار و ڕەگەکانی خۆی دادەکوتێت.

لەماڵپەڕی دەنگی ئەمەریکا، لینکێک دانراوە تایبەت بە بنیاتنان و چێکرنی نەتەوە (The making of a Nation) کە تیایدا باس لە ڕۆڵی هونەر و ئەدەب و مێژوو و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات لە بنیاتنان و یەکبوونی نەتەوە. باس لە باوکانی دامەزرێنەر و ڕۆڵی دەستوور (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) دەکات بۆ لەدایکبوونی نەتەوە.

یەکێک لە بەربەستە بنیادییەکانی پرۆژەی نیشتیمانسازی یان نەتەوەسازی لای ئێمە، نەبوونی ژێرخانی هاتووچۆیە! شارەکان بەیەک تۆڕی هاتووچۆ نەبەستراونەتەوە بەیەکتری. ناتوانێن وابەئاسانی بەیەکتر بگەین و بەریەککەوتنی ڕاوستەخۆ و کارلێک دروستبکەین بەهۆی نەبوونی ڕێگەی باشەوە. نەبوونی ڕێگە واتە نەبوونی گفتوگۆ و هاوبەشکردنی خەم و خواستە جڤاکی و نەتەوەیی و کۆمەڵگەییەکانمان. دابڕان لەیەکتر ئاماژەیە بۆ دواکەوتن لە پرۆسەی نەتەوەسازی و چوونە نێو فیدراسیۆنی نەتەوەییەوە. پێشتر ئەمیری حەسەن پور، نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەکادیمی، هاتنی سەتەلایت و کەناڵی ئاسمانی کوردی بە "ناسیۆنالیزمی سەتەلایت" ناوبردبوو، بەڵام ئەمرۆ بینەری سەتەلایتیش کەمبۆتەوە و چیتر شاشەی تی ڤی و سەتەلایت وەک جاران کاریگەری زۆری نییە لە پرۆسەی نیشتیمانسازیدا بەهۆی تەکنەلۆجیای ترەوە. لەبەرامبەردا و لەڕووی سەرخانەوە، هونەر و گۆرانی و میوزیکی کوردی دەکرێت وەک دەزوویەکی باریک لە ڕابردوودا پەردەیەکی بەسەر نیشتیمانسازیدا کردبێتەوە و ڕایەڵەکی بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانی جڤاتی کوردی کارا کردبێت.

**هونەر و نیشتیمانسازی**

لەئەدەبیاتی ناسیۆنالیزمدا نەتەوە بنیات دەنرێت و دواتر فۆرم وەردەگرێت، بەڵام بەشێوەی جۆراوجۆر. دیارە پرۆسەی بەشاربوون و شۆڕشی پیشەسازی ڕۆڵی لەم بنیاتنان و چێکردنەدا هەبووە. ناوەند و ناوکێک وەک خاڵی کۆکەرەوەی ئەندامانی نەتەوە ئامادەیی هەبووە. هەندێکجار ئەفسانە (myth)، زمان (language)، بازاڕ (market)، یان هەموویان بەسەریەکەوە، ڕۆڵی ئەم ناوەندبوونەی بینیوە. هونەر و ژانرەکانی وەک میوزیک و گۆرانی ماتەوزەیەکی کاریگەرە بۆ لەدایکبوون و گەشەی نەتەوە یان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەک چۆن میوزیکی جاز هێمایە بۆ ئەفریقییە-ئەمەریکییەکان و میوزیکی کلاسیکی لە ئەوروپا ڕۆڵی لە ناسیۆنالیزمی ئەوروپیدا بینی. ئەگەرچی لەدوای ڕێنەیسانسەوە نەتەوە دەبێت بە چەقی بیرکردنەوە و ئاگایی لە ئەوروپا، دواتر شۆڕشی پیشەسازی، سنورەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی و مۆدێرنە خۆراکی زیاتر بە کاکڵی نەتەوە و پرۆژەی نیشتیمانسازی دەدەن.

ئەگەرچی ناسیۆنالیزم درەنگ دەگات بە خۆرهەڵات، لەسەدەی نۆزدەهەمەوە سەرەتا لەناو ئیمپراتۆری عوسمانی دا دەردەکەوێت. مۆدێرنە و پیشەسازی بەلای ئێمەدا نەهاتووە، ڕۆژگارێکی درێژ بەهەستێکی ناسیۆنالیزمانە ژیاوین لەڕێگەی بزووتنەوەی سیاسی و ئەدەبیاتی کورد، بەڵام توانای پیتاندن و چوونە نێو پرۆژەی نیشتیمانسازیمان نەبووە. لەدەرەوەی ئامێرەکە بووین.

ناسنامە وەک یەکەیەکی پێدراو و بەرهەمهێنراو و هێز، وەک کارپێکەر و جۆشدەری بنەڕەتی پەیکەری نەتەوە دەبینرێت. بەڵام ناسنامە یەکەیەکی جوڵاو و ناجێگیرە، گۆڕاو و جیوەییە، بەتایبەت ناسنامەیەک کە لەسەر بنەمای هونەر و ڕشتەکانی دیوارەکانی بۆ دروستکرا بێت. لێرەوە هونەر و ئەرکەکانی هونەر دەبن بە قوڵایی و بڕبڕە بۆ نەتەوە. هونەر وەک پەیوەندی، هونەر وەک گوزارشت، هونەر وەک جیاوازبوون و خۆجیاکردنەوە لەوانی تر نەتەوە دەرباز دەکات لە کەوتن و ڕۆح لەدەستدان. بەڵام نیشتیمانسازی جگە لە کەرستەی هونەر هێشتا پێویستی بە زۆر کەناڵی ترە بۆئەوەی هەموو ئەندامانی نەتەوە بەیەکتر ببەستێتەوە، خەون، یادەوەری و گێڕانەوەکانیان یەکبخات و دووبارە بەسەریاندا دابەشبکاتەوە.

لێرەوە باسوخواسی نیشتیمانسازی بەها وەردەگرێت، بیری لێدەکرێتەوە. لەڕاستیدا ئەم بنیاتنانە زۆر ئاڵۆز و فرە ئەرک و ڕێچکەیە. تۆڕ و خانەکانی نیشتیمانسازی فراوان، فرەئاست و جۆراوجۆرن. فرۆکەخانە، هێڵی شەمەندەفەر، بازاڕ و مەیدانی ساغکردنەوەی کاڵا، زانکۆ، میدیای نیشتیمانی، ئەفسانە، هەڵبژاردەی تۆپی پێی نیشتیمانی، جەنگ، دنیای سیمبولەکان و زۆر مەڵبەندی تر بەشدارن لە پتەوکردنی پرۆژەکە. بەڵام لە زۆربەیان گرنگتر و خێراتر، هونەرە، لەناویشیدا گۆرانی و سینەما و

شانۆ و ژانرەکانی تر. ئێمە سەرێک بە گۆرانییەکانی زەکەریا عەبدوڵڵا دا دەکەین وەک ئەکتەرێکی هونەری دوای ڕاپەڕین و ئەو ڕۆڵە هونەرییەی کە لە پرۆژەی نیشتیمانسازیدا بینویەتی.

**میوزیکی جاز و نیشتیمانسازی**

ڕێنەیسانس لەدەستپێکدا لە هونەر و وێنەکێشانەوە هاتە گفتوگۆ، دواتر فکر و فەلسەفە و سیاسەت و بواری تری لەخۆیدا ئاڵاند. هونەر و پەیام و شێوەکانی وەک کۆمەکێکی کۆمەڵگەیی و سەرچاوەی جۆشدانی زۆر بزووتنەوە و نارەزایەتی نەتەوەیی-کۆمەلایەتی دەبینرێن. پێدەچێت زیندووترین نموونە کێڵگە بۆ ئەو ڕۆڵە کۆمەڵگەیی و سیاسییەی نێوان میوزیک و نارەزایەتی نەتەوەیی- کۆمەلایەتی، کۆمەڵگەی ئەمەریکا و خەمە درێژخایەنەکانی ناوی بێت.

لەدوای جەنگی ناوخۆی ئەمەریکا لە ١٨٦٥، میوزیکی جاز سەرهەڵدەدات. لەبنەڕەتدا ئەفریقییە-ئەمەریکییەکان گەشە بەم شێوە میوزیکە دەدەن، بەڵام هەرزوو دەبێت بە کەناڵی دەربڕینی گلەیی و گازاندە و پرسیارخستنە سەر فەلسەفەی حکومڕانی و پرسی ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوە و جەور و جیاکاریکردن لەو وڵاتەدا. جاز دەکرێت بە ناوەندی جۆشدان، دەردە دڵی کۆمەڵگەی ڕەشپێستەکان و جوڵاندنی ئەوی تری نائەمەریکی "رەش پێست"، بەتایبەت لەدوای جەنگی دووەمی جیهان و ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتی جیاکاریکردن و پۆلێنکردنی مرۆڤ. دواتر زوو بەجەماوەریی بوو، وەک بنەمای هێز لەخوارەوە-دامێنی کۆمەڵگە زۆر خانەی تری کۆمەلایەتی گرتەوە و بوو بەسەرەتایەک بۆ پرۆژەی نیشتیمانسازی لە کۆمەڵگەی ئەمەریکی.

لەڕاستیدا ئەم میوزیکە زۆر ڕۆڵی بینراو و هەستپێکراوی بینی لە پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات، بەتایبەت کاتێک وەک مانیفێستی خەمی تاک و جڤات چووە نێو پانتایی گشتیی و شەقامەوە. دواتر بەخێراییش بوو بە دەرگا و چوارچێوە بۆ پرسەکانی وەک فرەچەشنی و پێکەوەهەڵکردن و هاوڵاتیبوون و بنیاتنانی ئاشتی، نیشتیمانسازی و دەرگیربوون و ئامادەبوون لەگەڵ جڤات. لەهەمووی گرنگتر، زاڵبوون بەسەر ڕەگەزپەرستی و هێنانەکایەی گرێبەستێکی تازەی کۆمەلایەتی ( new social contract)، بەجۆرێک هەموو کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئەمەریکی بەیەکەوە لکاند. جاز وەک کۆکەرەوە و لکێنەر دەرکەوت و ئەرکە سیاسی-کۆمەلایەتییەکانی خۆی پیشاندا.

جاز زیاتر کشا و هاتە دەرەوە، زیاتر بەدەزگایی و جیهانی بوو، دواتر ڕێکخراوی یونیسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ٣٠ ی نیسانی هەموو ساڵێکی وەک "ڕۆژی میوزیکی جاز" ناساند و ئەمەش

هێندەی تر خۆراکی بە پرسەکە و بە کێڵگەی نیشتیمانسازی بەخشی لە وڵاتەکەدا وەک ئینگلیز دەڵێت ڕەوڕەوەکانی چەور کرد (oiling the wheels). ئەم گرووپە ئیتنی و کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگەی ئەمەریکی، جاز وەک خۆراک و هێز و بەرزڕاگری بەکاردەهێنێت بۆ بەردەوامیدان بە پێکەوەژیان و هەڵکردن و حکومڕانی باش و بیرکردنەوە لە پاشخان و میرات و دانان بە ناسنامە و خودێتی یەکتر. لێرەوە میوزیک و وەرزش و ئەدەب دەبن بە پاڵپشتی و ڕەگێکی یەکجار گەورەی کۆمەڵگە و جڤات و نەتەوە بۆ مانەوە و بەردەوامبوون لەگەڵ یەکتر و بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان یان بەزمانی سیاسەت نیشتیمانسازی و نیشتیمان، بەتایبەتیش بەرهەمەکانی هونەرمەند و ئەستێرەی جازی ئەمەریکی "لویس ئارمسترۆنگ" کە گوێلێگیراوترین نموونەی بابەتەکە و پەیوەندی نێوان میوزیکی جاز و نیشتیمانسازییە.

**نیشتیمانسازی، زەکەریا عەبدوڵلا وەک باوکێکی ڕۆحی**

لەدوای ڕاپەڕین لە ١٩٩١، شەقامی کوردی لە باشووری کوردستان بەئەندازەیەکی زۆر لەگەڵ گۆرانییەکانی "ئیبراهم تاتڵیس" بەپلەی یەکەم و "کازم ساهیر" و چەندانی تر لە پەیوەندی، مەستبوون و لە توانەوەدا بوون. ساردەمەنییەکان وەک پانتایی گشتی ناوەندێک بوون بەردەوام گۆرانی تورکی و عەرەبی لێوەدەبیسترا. ئەم جۆرە پەیوەندی و لەگەڵ یەکبوونەی گەنجانی کورد و ئەوانی تر لەسەر بنەمای منی سەروەر و تۆی ناسەروەر، وەک ئەوەی هیگڵ ناوی ناوە کێخوا و کۆیلە یان سەردار و سەپان (master and slave) بوو کە زمان و هونەری بێگانە ڕۆڵی سەروەربوونی خۆی تێدادەبینی و جۆرێک لە پەرتبوون و وابەستبوونی ئێمەی بە نەتەوەکانی تری پێوەدیار بوو لەڕێگەی گوێگرتن لە گۆرانی بیانییەوە، بەتایبەتیش گۆرانی عەرەبی و تورکی و فارسی.

لەکۆتایی نەوەتەکاندا "زەکەریا عەبدوڵا دێت، زۆر دیاردە و گۆڕان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. دیارە من لەباری سەرنجی نەتەوە و تێکستەوە دەدوێم نەک هونەر و لایەنە تەکنیکی و ستاتیکی و هونەرییەکەی خودی گۆرانی و ستران چرین. زەکەریا وەک کۆکەرەوە و لکێنەر دەردەکەوێت. کۆکەرەوە بەو مانایەی ئەندامانی نەتەوە وەک هێزی ڕاکێشەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و دووریان دەخاتەوە لە ئەوانی تری بێگانە و نامۆ. بنەما و کۆدەزگای پەیوەندییەکانی نێوان زەکەریا و هەوادارانی هونەر و گۆرانییە بە زمانی کوردی. ئەگەرچی سیمای سەرەکی گۆرانییەکانی زەکەریا هەر لەسەرەتاوە دوو ڕەگەزی یەکجار گرنگی لەخۆیدا هەڵگرتبوو کە وەک پەین و ئۆکسجین بۆ نیشتیمانسازی کاریان دەکرد:

یەکەم: **نیشتیمان و نەتەوە و یادەوەری و کەلەپوور**ەکەی لە هەموو ئەلبوومەکانی هەمیشە ئامادەبوو، بەتایبەت لە کاتە سەخت و دژوارەکاندا. گۆرانی کوردستان کە بەشە سۆرانییەکەی هۆنراوەکە لەلایەن هەریەک لە شاعیرانی بەناوودەنگ "ئیسماعیل خورماڵی" و بەشە بادینییەکەی بەناوی "شڤانێ گارێ" لەلایەن "ئەدیب چەلکی" لەساتەوەختێکی تایبەت و دژواری باشووری کوردستان دا و لەبەرامبەر جەور و ستەمی بەعس دا نووسراوە، زەکەریا لە ٢٠٠٣ و لە کاتی ڕووخانی بەعس و ترس و دڵەڕاوکێ و هەڕەشە لەسەربوونی نەتەوەییمان خۆی وەک سەرچاوەی هیوا و مانەوە نمایش کرد، کە زەکەریا هەرخۆی ئاوازەکەی بۆ داناوە. تێکستێکی یەکجار جوان و مانابەخشە بۆ نیشتیمانسازی و باسی چیرۆکی خۆمان و توانای خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوە دەکات لە بەرامبەر دوژمندا. ڕۆحی تێکستەکە بەمشێوەیە دێتەگۆ:

گوێت بنی بە کێڵ و قەبری شەهیدەوە هاوار ئەکا
گوێت بنێ بە دڵ و سینەی چیاتەوە هاوار ئەکا
هەر هەموومان لە سەنگەری پێشەوەداین ئەی کوردستان
لە ڕێی تۆدا هەر لە ڕیزی پێشەوەداین ئەی کوردستان
بوونی ئێمە بوونی تۆیە بوونی ئێوش بوونی ئێمە
ژیانی تۆ ئازادی تۆ یەکسانە بە مەرگی ئێمە
کوردستان کوردستان
چۆن دەنەوێ کە بابان و بادینانت لەگەڵتایە
دار و بەردی گەرمیان و هەولێرەکەت لەگەڵتایە
چۆن دەنەوێی عەفرین و مەهابادت لەگەڵتایە
خەڵک و هۆزی لای قامیشلی و ماردینەکەت لەگەڵتایە
کوردستان کوردستان
سوێند بە نەورۆز بە ڕاپەڕین سوێند بە مێژووی سەدان ساڵە
بە ڕووباری کۆچ و خوێنیا بە ئازادی سەدان ساڵە
لە یادناچی ئەی کوردستان هەمیشە تۆ لە دڵمانای
وەک هەناسە لە گەروودایە هەمیشە تۆ لە بوونمانای
خەم نەتگرێ لێ ناگەڕێین ئەم بەهارەت بسووتێنن
جارێکی تر دڵی سەدان دایکی شەهید ببرژێنن

کوردستان
هزر نەکەی دێ لێ مینی
هەر دێ خەونا پێڤە بینی
سەرێ گارەی هەر ئاڤە کە تو وارێ من ناچێرینی
چ ئەسکەندەر، چ زەینەفوون بەری وە ل، ڤێرە پەیدا بوون
وەلاتێ مە لێ بوو ئاگر هەموو تەڤدە، ڕەڤین و چوون
هەر چێ کە بۆ مە پیلانا دێ ئاگەهدار کەم شڤانا
ڕێواس گاز دکەت ئەز و تو پێکڤە ناچی چ دیوانا
سەر هەڵبڕە وا ڕەشەبای خەنجەری کورد دونیای تەنی
ڕۆڵەکانت هەر وەک هەڵۆ دواسنووری دونیای تەنی
ئیتر بڵێ ئەی کوردستان دەستێوەردان چۆن زات ئەکا
دەم و لێوی پێکەنین و ژیانی تۆ قوفڵ بکا
ژیانی تۆ ئازادی تۆ یەکسانە بە مەرگی ئێمە
ژیانی تۆ ئازادی تۆ یەکسانە بە مەرگی ئێمە
کوردستان کوردستان

سەرەتای هۆنراوەکە بە چەمکی "شەهید" وەک ڕەگەزێکی کۆکەرەوە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و ئەدەبیاتی سیاسیماندا دەستپێدەکات و دواتر چەمکەکانی وەک "سەنگەر" و خۆبەختکردن و قوربانی بۆ مانەوە و گوزارشتکردن لە دۆخی ئۆنتۆلۆجییانەی کورد بەسەردەکاتەوە. دواتر هەردوو دەستەواژەی "بابان" و "بادینان" وەک دوو دەستەواژەی جیۆگرافی، جیۆپۆلەتیکی و سیمبولی نیشانەی یەکێتیی خاک و نەتەوە و مێژوو و ناسنامەی ئێمە ئاماژەی پێدەکرێت. بابان و بادینان وەک بوونێکی نەتەوەیی-جوگرافی یەکپارچە. لێرە قوڵایی پەیامە هونەرییەکە دەردەکەوێت کە چۆن هۆزانڤان و هونەرمەند زەکەریا دەیانەوێت دیواری بیناکراوی نێوان ئەم دوو دەڤەرە هەڵتەکێنن و دواتریش لەڕێگەی ناوهێنانی شارەکانی وەک گەرمیان، هەولێر، عەفرین، مەهاباد، قامیشلی و ماردین سنوورە دەستکرد و خەیاڵی و درۆینەکانی کۆلۆنیالیزم هەڵدەوەشێننەوە و سنووری دەوڵەت نەتەوەی بەزۆرسەپێنراوی وڵاتانی تورکیا و سووریا و ئێران پوچەڵدەکەنەوە و بە گوتارێکی سادە و بە زمانێکی ئەدەبی و هونەرییانە پێمان دەڵێن کوردستان یەکپارچەیە و شارەکانی هەر چوار پارچە یەک خەم و

یادەوەری و هەست و سۆز و خۆشی کۆیان دەکاتەوە. ئەو نیشتیمانە یەک یەکەی نەتەوەیی و جوگرافییە و دابەشناکرێت و لە هەموو سەردەم و کاتێکدا بەیەکەوەن و لەیەکتر دانابڕێن.

هەر لە هۆنراوە و گۆرانییەکەدا، دەستەواژەکانی "نەورۆز"، "ڕاپەڕین"، "دایکی شەهید"، "ئازادی" و "بەهار" دێنەپێشەوە، کە هەریەکێکیان گوزارشت و دەربڕی میرات (legacy) نەتەوەی کورد و کەرەستەی کاریگەری بەیەکتربەستنەوەی ئەندامانی نەتەوەن و ئامێری نیشتیمانسازین. بەتایبەت کردەی ڕاپەڕین کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا هەمیشە خاڵی بەیەک گەیشتن و کۆڵکەی هاوبەشی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بووە، بەتایبەتیش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان، کە ساتەوەختێکی مێژوویی و وەرچەرخانێکی تازەبوو لە مێژوویی هاوچەرخی کوردستان و بوونی نەتەوەیی و کوردستانییبوونمان.

دووەم: **گۆرانی چڕین بە زاراوەی جیاواز** (کرمانجی ناوەند و سەروو/بادینی) کە هەوڵێکی یەکجار گرنگ بوو بۆ نزیککردنەوە و بەیەکەوەلکاندنی ئەندامانی نەتەوە لە دەڤەرە جیاوازەکان و شکاندنی سنوورەکانی شێوەزار، سنوورە فەرهەنگی و نەبینراوەکان. دیارە زەکەریا عەبدوڵڵا لە هەموو ئەلبومەکانیدا چەند سترانەکی بە زاراوەی کرمانجی سەروو/بادینی بەئاستێکی یەکجار جوان و بەرز چڕیوە. ئەم هەوڵە هونەرییە جۆرێک لە لکاندن/لەحیمکردنمان بوو بەیەکەوە. هەستکردن بە یەک چیرۆک و یادەوەری و گفتوگۆ و کەناڵی هاوبەش. لەڕاستیدا بەیەکەوەبوون و مانەوەیەکی هاوبەش بوو لەگەڵ یەکتردا.

لەبەشی دووەمی گۆرانییەکەدا، هۆزانڤان ئەدیب چەلکی لەڕێگەی چیای "گارە" وەک سیمبولی خۆڕاگری و مانەوە و کاراکتەرە مێژووییەکانی وەک "ئەسکەندەر" و "زینەفۆن" وێنەیەکی یەکجار زیندوو و کاریگەری کوردبوون و مانەوە و یەکێتی نەتەوەیی نمایش دەکات کە بەرەنجام هەموویان بەیەکەوە خزمەت بە پرسی نیشتیمانسازی دەکەن، بەتایبەت لەڕێگەی هونەر و دەنگێکی ناوازەی وەک "زەکەریا"وە کە پەیام و گوتارەکان بەئاسانی دەچنە هەموو شوێن و جێگەیەکەوە و بەئاسانیش بەهۆی میوزیک و میلۆدی و تەکنیک و ستاتیکای هونەرییەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و وەک کەناڵێکی لکێنەر و کۆکەرەوە بەخێرایی هەموو کوردێک لەهەر شوێنێکی دنیا بێت بەیەکتر دەبەستێتەوە و هەستی هاوبەش و یادەوەری هاوبەش و بەیەکەوەبوونی پێدەبەخشێت. دەکرێت بڵێین ناواخنی هۆنراوە و گۆرانییەکە لەڕێگەی "زەکەریا"وە کوردستانییبوون وەک کردەیەکی تاکەکەسی و خودییانە (سەبجێکتیڤزمانە) دەگۆڕێت و دەکات بە کردەیەکی کۆگەرایی و بەکۆمەڵ و کۆیادەوەرییەکی نەتەوەیی بۆ بنیاتدەنێت.

**نیشتیمانسازی، حەسەن زیرەک ڕزگارکردن و بوژاندنەوەی بوونی نەتەوەیی**

هەرچەند زیاتر لە نیو سەدە بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی بەناوودەنگ "حەسەن زیرەک"دا تێپەڕیوە. بەڵام میراتە هونەرییەکەی تارماییەکی گەورەی بەسەر پرسی نەتەوە و بوونی نەتەوەییمانەوە هەیە. لەدایکبوون و ژیانی هونەریی و مردنی زیرەک دیاردەیەکی تایبەت بوو لە مێژووی هاوچەرخی کوردی دا. زیرەک بەدەنگێکی یەکجار سەرنجراکێش و ئاوازە گۆرانی دەچڕی، چیرۆکی نەتەوەیی و دڵداری دەگێڕایەوە! هۆنراوە و ئاوازی بۆ بەشێک لە گۆرانییەکانی دادەنا. بەشێک لە هۆنراوەی هۆزانڤانە کلاسیکییەکانی کردە گۆرانی لەوانە: نالی، وەفایی، پیرەمێرد، هێمن، سەید کامیل ئیمامی و هەردی و چەندانی تر.

ئەوەی جێگەی سەرنجی ئێمەیە پرسی هونەر و ناسیۆنالیزم و نیشتیمانسازییە. دیارە حەسەن زیرەک و میراتەکەی لە کایەی گشتییدا هەرزوو دەبێت بە یادەوەری گشتی و کۆکەرەوە. ئەم یەکێتییە-فیدراسۆنی نەتەوەییە لە سروودی "نەورۆز"دا کە هۆنراوەکەی پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) شاعیری گەورەی کورد نوسیویەتی، بەشێوەی سیمبولی شێوە وەردەگرێت و دەگاتە لوتکە. پرۆسەی کۆکردنەوەی نەتەوەیی لە دنیای ئێمەدا یەکجار کەم و دەگمەنە. ئێمە هەمیشە لە پەرتبوون و دابەشبوونین. دابەشبوونی نەرم، ڕەق و بەشێوەی جیاواز! ناسیۆنالیزم بۆئەوەی کاربکات و ئەندامانی بەیەکەوە ببەستێتەوە پێویستی بە پرۆسەی خۆراکپێدان (feeding) و بەیەکەوەلکاندن (glue) و یەکخستنی جیاوازییەکانە.

لەبنەڕەتدا، کەرەستەی جۆراوجۆر هەن بۆ گرێدان و نەتەوەسازی. بێنیدیکت ئەندەرسن (١٩٣٦-٢٠١٥) ڕۆژنامە و زانکۆ و سوپا دەکات بە ناوەندی لەدایکبوونی نەتەوە و ئەندامانی. بەشێکی تر ئەفسانە و حکایەت و چیرۆک و گێرانەوەیە. ئەمیری حەسەن پوور (١٩٤٣-٢٠١٧) زمان و ئەدەبیات و سەتەلایت وەک سەرچاوی شێوەگرتنی ناسیۆنالیزمی کوردی و نیشتیمانسازی وێنادەکات. بەتایبەت کارەکانی ئەحمەدی خانی لەڕێگای "مەم و زین"ـەوە، دواتریش حاجی قادری کۆیی بۆ وێناکردنی سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردی. لەسەردەمی نوێدا حەسەن زیرەک (١٩٢١-١٩٧٢) و گۆرانییەکانی توانای جۆشدان و کۆکردنەوەی بەشێکی زۆری کوردانی دەبێت. بەتایبەت گۆرانییەکانی لە قۆناغی خەباتی شاخ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردییە لە باشووری کوردستان و هەڕەشەیەکی بێ ئەندازە لەسەر ناسنامە و بوون و ئاسایشی نەتەوەیی کورد دا هەبووە. لێرەوە گۆرانییەکانی زیرەک بەمشێوەیە دەیەوێت کارایی دروستبکات و ئەم سیمایانە لەخۆدەگرێت: یەکەم، سنوور دەبڕێت؛ دووەم، زمانی کوردی-ناوەندی قورسایی زیاتری دەبێت؛ سێیەم، نەورۆز باشتر مانیفێست دەکات. ئەگەرچی حەسەن

زیرەک لە سروودی نەورۆز دا دەستکاری هەندێک لە وشە و دەستەواژەکانی کردووە و لەگەڵ هۆنراوە ڕەسەنەکە جیاوازی هەیە و بەر لە زیرەک، هونەرمەندی گەورە "حەمە ساڵح دیلان" بەبێ دەستکاری هۆنراوەی "نەورۆز"ی کردۆتە گۆرانی و وەک خۆی بەکاریهێناوە، بەڵام ئێمە لێرە وەک دەنگ و جۆشدان گفتوگۆ لەبارەی دەنگی زیرەک و وەک تێکستێکی نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ هۆنراوە ڕەسەنەکەی پیرەمێرد دەکەین و شرۆڤەی ناوەڕۆک و تێما و هێڵە نەتەوەییەکانی دەکەین. زیرەک جگە لە میراتە هونەرییەکەی دەکرێت بە ناوەندی بەیەکەوەبوون، شێوەدان بە نەتەوە و یادەوەری هاوبەش و بەکۆمەڵی ئێمە وێنا بکرێت. بەڵام قوڵایی هونەرەکەی حەسەن زیرەک لە سروودی نەورۆز دا ڕۆحی نەتەوەی کورد بەرجەستەدەکات و کە ئاوازەکەی لەلایەن قادر دیلانەوە (١٩٢٩-١٩٩٩) دانراوە.
ئەگەرچی پێشتر ئەم سروودە لەلایەن هونەرمەند حەمە ساڵح دیلانەوە (١٩٢٧-١٩٩٠) گوتراوە، بەڵام حەسەن زیرەک جۆش و خرۆشێکی پێبەخشیوە و زیاتر لەڕێگەی سروودەکەوە ئەندامانی نەتەوەی پێ وەگەڕخستووە و پێیەوە ناسراوە. ئەگەرچی لەڕووی ناوەڕۆکی تێکستەکەوە، حەسەن زیرەک هەندێک لە وشەکانی وەک "خوێن" و "شەهید" و چەندین وشەی تری لابردووە و بەشێک پێیان وایە بەهۆی تۆمارکردنی سروودەکە لە ڕادیۆی تاران و سەردەمی شا و بارودۆخی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵات و سانسۆر و سیاسەت و ستەمی دەوڵەتی ئێران و شای ئێران لەو سەردەمەدا هەندێک لە وشەکان دەستکاریکراوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە سروودەکە بەدەنگی زیرەک توانای جۆشدان و جوڵاندنی هەستە نەتەوەییەکەی نەبێت.

ئەگەر فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدریک هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) پێی وابێت دەوڵەت ڕۆحی نەتەوەیە. دەکرێت بۆ ئێمە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"ی دڵداری شاعیر و نەورۆزی پیرەمێرد ڕۆحی نەتەوە و بوونی نەتەوەیی ئێمە بێت و مانیفێستەکەی لەسەردەمی خۆیدا ڕزگارکەر و سەرخانی سیمبوڵ و بینراوی نەتەوەی کورد بووە و تاوەکوو ئێستاش درێژەی هەیە و بووە بە یادەوەری هاوبەش و لە یادگەماندا دەمێنێتەوە. سروودی نەورۆز لەبنەڕەتدا بەمشێوەیە دێتەگۆ:

ئەم ڕۆژیساڵی تازەیە، نەورۆزە، هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکوو پار

هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد

مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە

لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە

وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە

خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە

تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا

قەڵخانی گوللـە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین

نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

**بەدەزگاییکردنی نەتەوە لەڕێگەی نەورۆزەوە**

نەتەوە و ئەفسانە وەک دوانەیەک دەتوانن ڕۆڵ ببینن لە ڕەنگرێژکردن و ڕێخۆشکردن بۆ چوونە نێو هێڵە گشتی و تایبەتییەکانی نیشتیمانسازیەوە. ساڵانە لە یەکەم ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا، لە زۆربەی بەشە جیاوازەکانی کوردستان دا، تەنانەت لە تاراوگەشدا، کوردانی هەر چوار پارچە، ئاگری نەورۆز دەکەنەوە و جەژنە پیرۆزە لەیەکتر دەکەن و گوێ لە سروودی "ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە" بەدەنگی حسەن زیرەک دەگرن و ئەم هەست و یادەوەرییە لەگەڵ یەکتردا هاوبەش دەکەن. تەنانەت زۆرینەی کوردان پێیان وایە ئەگەر گوێ لەو سروودە بەدەنگی حەسەن زیرەک نەگرن، هەست ناکەن نەورۆزە و ئەم سروودە بەتەواوی شێوە و فۆڕمی بە جەژنە نەتەوەییەکە بەخشیوە. بنیاتنانی چیرۆک و شێوازی گێڕانەوە (narrative) و خۆنمایشکردن لەبەردەم ئەوانی تردا، بەشێکە لە کۆدەزگای یادەوەری هاوبەش و بەیەکەوەلکاندنی ئەندامانی نەتەوە.

لەئەدەبیاتی ناسیۆنالیزمدا، نەتەوەسازی و ڕەهەندە ئۆنتۆلۆجییەکەی بەزۆر مۆدێلی جیاواز سازدەکرێت. هۆنینەوەی چیرۆک ئامرازێکە بۆ بیناکردن و کۆنکریتکردنی یەکێتی نەتەوەیی و مانابەخشین بە نەتەوە. بێنیدیکت ئەندەرسن باس لە ناسیۆنالیزمی دوورمەودا و ڕۆڵی خەیاڵ دەکات لە مانابەخشین بە نەتەوە و بەها بەخشین بە ڕووکاری ناوەوە و دەرەوەی نەتەوە. زۆرینەی نەتەوەکان ئەفسانە و

چیرۆکێک هەیە دەیان جووڵێنت و وەک سوتەمەنی دەبێت بەسەرچاوی هێز و وزە بۆ بەگەڕخستنی ئەندامانی نەتەوە. چیرۆک وەک ڕاکێشەرێک (pulling factor) دوو ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێت:

یەکەم: پاڵنەرە بۆ بەردەوامبوون و مانەوە لەناو فیدراسیۆنی نەتەوە و هەستکردن بە ناسنامە.

دووەم، لکاندن و گرێدانەوەی ئەندامانی نەتەوە بەیەکەوە بەتایبەت کاتێک کۆمەڵگە لە میکانیکییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئۆرگانی وەک چۆن دورکهایم بە کەتیرە (سمغ) وێنای دەکات .

داڕشتنی یادەوەری هاوبەش بۆ کوردستانیان پرۆسەیەکی یەکجار گرنگ و پڕبایەخە، بەتایبەت ئێمە لەساتەوەختێکداین تادێت بەرەو لێکترازان و دابەشبوونی سیاسی و دابڕان و دوورکەوتنەوە دەچین بەهۆی چەندین هۆکاری دەرەکی و ناوخۆییەوە، تەنانەت لە هەندێک بارودۆخدا پرسی نیشتیمانسازی ڕێچکە و ڕێڕەوی خۆی لەدەستداوە و کەوتوتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە.

مۆریس هالبواچ (١٨٧٧-١٩٤٥) لەبارەی یادەوەری هاوبەشەوە کۆمەڵێک تێزی زیندوو و ماناداری هەیە. نەورۆز پرۆسەیە بۆ بەدەزگاییکردنی یادەوەری هاوبەش و دواتریش هەنگاونان بەرەو یەکێتی نەتەوەیی. تەنانەت بۆ پەیوەندیکردن بە ئەوانی تر و دنیا و چۆنیەتی بینین و تێگەیشتن لە پاشخان و سیمبولەکانمان. نەورۆز خۆڕاگری، مانەوە، بەردەوامێتی و تازەبوونەوەیە.

**دووماهی**

پرسی نیشتیمانسازی، کردە و پرۆژەیەکی ستراتیجی و بەردەوام و درێژخایەن و لە گۆڕانە. ڕێوشوێنی جیاواز و تایبەت بەخۆی هەیە، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی دوای جەنگ (post-conflict society) یان ئەو نەتەوانەی کە بێدەوڵەتن (stateless nations) و هێشتا لەڕووی نێودەوڵەتییەوە خاوەن سەروەریی و دانپێدانان نین و ئەکتەری نادەوڵەتین (non-state actor) وەک نەتەوەی/گەلی کوردستان لە هەرێمی کوردستان و چەندین نموونەی تر لە جیهاندا. نیشتیمانسازی و نەتەوەسازی سیمایەکی جیوەیی هەیە و چەندین هۆکاری کارتێکەر و کارتێکراو دەیجوڵێنێت و بەڕێوەی دەبات و بەمەش بەچەندین ڕێگە و ئامراز و مۆدێلی جیاواز بنیات دەنرێت و زەمینەسازی بۆ دەکرێت. نەتەوەسازی بۆئەوەی بچێتە دۆخی گەشە و پێگەیشتنەوە دەبێت ژێرخان و سەرخانی بخرێتە خزمەت و هاوشان بەشدار بن لە جۆش و خرۆشدان و خۆراک پێدان بە پرۆسەکە.

هونەر و لەناویشیدا هونەری گۆرانی و میوزیک وەک توخمێکی سەرەکی پیشەسازی کلتوری و فەرهەنگی ڕۆڵێکی بنچینەیی لە پتەوکردنی دینگەکانی نیشتیمانسازی دەگێڕێت و دەتوانێت وەک کەتیرە

و لکێنەر ئەندامانی نەتەوە و گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و ناسنامەیەکی باڵکێش و هەست و یادەوەری هاوبەشیان پێ ببەخشێت و کۆیادێکی نەتەوەیی درێژخایەنیان بۆ بنیات بنێت. لەماوەی شەست ساڵی ڕابردوودا هونەرمەندانی وەک حەسەن زیرەک و زەکەریا عەبدوڵڵا لە دوو سەردەمی جیاوازدا و بەدوو بەرهەمی هونەری و گۆرانی جیاوازەوە وەک بەشێک لەسەرخانی کۆمەڵگەیی ئێمە ڕۆڵیان بینیوە لە پرۆژەی نیشتیمانسازی و نزیککردنەوەی جڤاتی کوردستانی و بەرجەستەکردنی ناسنامە و هەست و یادەوەری هاوبەش و یەکێتییەکی نەتەوەیی.

**سەرچاوەکان:**


١-https://fee.org/articles/what-is-a-nation/

٢--https://qadirzada.com/Mhammad-Hamasaleh-Tofiq-Rragu-Rishe-kurd-27-12-2022.html

٣-فرانسیس فۆکۆیاما، بونیادنانی دەوڵەت، وەرگێرانی: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، هەولێر.

٤-https://www.taylorfrancis.com/chapters/mono/10.4324/9781315742236-12/jazz-cultural-modernity-consumerism-nationalism-cosmopolitan-freedom-nick-stevenson

٥-https://www.goranikurdi.com/ck/track/2410

٦-https://diplomaticmagazine.net/detail/244

٧-https://books.vejin.net/ck/text/715